شیکاری کۆدەکانی ناو بانگەوازەکەی ئۆج؟ ەلا&ن

05-08-2025

لانە کرمانج

خوێنـــدنەوە زانســـتە. کـــردنەوەی کۆدەکـــانی وشـــە و ڕســـتەکان بەشـــێکی جیـــانەکراوەی خوێنـــدنەوەن. نـــاکرێ درشـــتخوێن و درشـــتبین بـــین. وردبینـــی لە خوێنـــدنەوە واتـــا دۆزینـــەوە کـــۆد و پەیامەکـــانی وشـــەکان و نێـــوانی وشـــەکانیش. گلەیـــی لە کەس نـــاکەم، بە٪دم بەڕاســـتی کـــارەکی زۆر نازانســـتییە بـــێ ئەوەی لە کۆدەکـــانی نـــاو وشـــەکانی بـــانگەوازەکەی ئـــۆج// ە؟٪ـدن لـــۆ "ئاشـــتی و کـــۆمەڵگەی دیموکراســـی" بگەیـــن، شاگەشـــکە بـــین، پەك هەڵبوەشـــێنینەوە، چەك دابنێـــین، و قەنـــدیلیش چـــۆل بکەیـــن. تـــاوەکوو بـــزانین داخـــۆ ئێســـتا عەینجە٪ـدن بـــاوەڕی بە چـــی هەیە و چلـــۆن لە پرســـی کـــورد دەڕوانـــێ، دەبـــێ لە کۆدەکـــانی هەمـــوو وشـــەکانی نـــاو بـــانگەوازەکەی ئەم ســـاڵی وی بگەیـــن. بەڕێـــزان، ئەمـــن دەیـــان ٪ـەپەڕە شـــیکارم لـــۆ ئەو پەیـــامە هەیە. بەرانەکینـــێ، لەو بەشـــەدا، هەوڵ دەدەیـــن چاوخشـــاندنێکی خێـــرا بە پەیـــامەکەی بکەیـــن. لەو بەشـــەدا، پەڕەگـــراف بە پەڕەگـــراف بـــانگەوازەکەی ٢٧ی ٢ی ٢٠٢٥ی عەینجەلان شی دەکەینەوە.

تێبینـــی: تـــا وتـــارەکە نەکەوێـــتە بەر سانســـۆری فەیســـبووك، لە بـــاتی پەك ؟ەک ؟کە، پەك بەکـــار دەهێنـــین. لەباتی عەبد// وڵلا ئۆج// ٪ەلانیش، عەینجەلان بەکار دەهێنین.

پەڕەگرافی یەکەم

لەوێنـــدەر کە عەینجەلـدن باســی هەلـومەرجی دروســتبوونی پەك دەكـا، دوو هۆكـار بــاس دەكـا. يەك، بەهـۆی جەنگـی سـارد و جەنگـی چەپـی سۆشـياليزمی. لە وتـاری ڕابـردوو لە بـابەتی جەنگـی ڤێتنـام دا ئەوەمـــان ڕوون كـــردەوە. دووەم، نكـــۆڵيكردن لە ڕاســـتينەی كـــورد و قەدەغەكردنـــی ئازادييەكـــان، بەتـايبەتی ئـازادی فكـری. ئەوەشـيان هۆكـاری ئەوە بـوو كە سـەرەتا پەك داوای دەوڵەتـی سـەربەخۆی كوردستانی گەورەی دەكرد.

پەرەگرافی دووەم

عەينجەلـــدن لەبەر دوو هۆكـــار داوای هەڵوەشـــاندنەوەی پەك دەكـــا. هۆكـــاری يەكەم، ڕووخـــانی سۆشـــياليزمی واقيعـــی و بنيـــاتنراو لە نەوەتەكـــانی ســـەدەی ڕابـــردوو. سۆشـــياليزمی واقيعـــی واتە ماركسـيی-لينينيـی. سۆشياليسـتی بنيـاتنراو واتە يەكێتيـی سـۆڤييەتی جـاران. عەينجەلـدن دەڵـێ، "بەهـۆی ڕووخـانی سۆشـياليزمی بنيـاتنراو، پەك وەكـوو ئەوانـی دی، گەيشـتووەتە كۆتـايی ژيـانی خـۆی و پێويسـتی بە هەڵوەشـاندنەوە هەيە." دوو، شـكاندنی نكـۆڵيكردن لە ناسـنامە لە وڵـدت و پێشـكەوتنی ئـازاديی فكـری. چيـديكە نكـۆڵی لە ناسـنامەی كـورد لە توركيـا نـاكرێ؟ داخـۆ "هەر" كـورد دەتـوانێ بەئـازادانە بڵـێ كـوردم؟ بەڕاسـت، ئـازاديی فكـری لە توركيـا هەيە؟ نەك هـيچ كەسـێك نـاتوانێ بڵـێ ئەمـن ئەنـدامی پەكـم، بەڵكـوو قسـەكردن بە زمـانی كـورديش قەدەغەيە. ئەتـوو، بەڵـێ ئەتـووی خـوێنەری خەڵكـی باشـوور، كە دەچيـتە توركيـا، لەنـاو مۆبـايلەكەت، تەماشـای پۆسـتی فەيسـبووك و نـامە و لايـك و كۆمێنتيشـت دەكـرێ! ئەدی ئەو چـل هەزار كـوردەی لە زينـدانەكانی توركيـان لەبەر كوردبوونيان نييە؟

پەڕاگرافی سێيەم

کە دەڵـێ "کـورد و تـورك لە مێـژووی زیـاتر لە هەزار سـاڵدا دژی هێـزە هەژموونخوازەکـان بەدڵخـوازی بە هاوپەیمـانی بمێنـنەوە", لێـرەدا عەینجەڵدن وەهـا باسـی مێـژووی هەزار سـاڵەی کـورد و تـورك دەکـا، کە هاوپەیمـانی یەك بـوونە و دژی هێـزە هەژموونخوازەکـان بـوونە. داخـۆ بەڕاسـتی کـورد و تـورك لە هەزار سـاڵی ڕابـردوودا هاوپەیمـان بـوونە دژی ئەوانـی دی؟ ئەرێ لە مێـژوودا، خـوێنی کـورد نەڕژاوە بەدەسـتی دەسـەڵاتدارانی تـورك؟ ئەوە هەڵەیەکـی ئێجگـار گەورەیە بەرانـبەر بە مێـژووی کـورد. ئەوە وەك ئەوە وایە مێـژووی هەزار سـاڵی تـاوانی تـورك، عوسـمانییەکان و دەوڵەتـی تـورك ڕەش بکـاتەوە. لە بەشـەکانی داهـاتوو ئەوە باشـتر ڕوون دەکەیـنەوە. ئەو نـامەیەی عەینجەڵدنم بە زیرەکیـی دەسـتکرد (زێـدێ) نیشـان دا، زێـدێ دەڵـێ، "عەینجەڵدن مەترسـیی دەخـاتە سـەر ڕەشـکردنەوەی مێـژووی چەوسـاندنەوەی کـورد و بێبەریکردنـی دەوڵەتـی تورکیـا." دەپرسـین، داخـۆ بەڕاسـتی عەینجەڵدن شـارەزای مێـژووی هەزار سـاڵی نێـوان کـورد و تـورك نیـیە، یـان هەمـوو قوربانییەکـانی کورد بە لا دەنێ و پێی وایە هاوپەیمان بوونە؟

پەرەگرافی چارەم

کە عەینجەڵـدن دەڵـێ، "لە دوو سـەدەی کۆتـایی، مـۆدێرنەتەی سـەرمایەداری، شـکاندنی ئەو هاوپەیمـانییەتییەی کـردووەتە ئامـانجی خـۆی،" ئەو تێـڕوانینەی کە هەمـوو کێشـەکان دەگێـڕێتەوە لـۆ کاپیتـالیزم، تێڕوانینێکـی مارکسـییە. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەوە نەك پاسـاو هێنـانەوەیە لـۆ هەمـوو ئەو کۆمەڵکـوژی و کیمیابـارانکردن و کووشـتن و زینـدانیکردنەی تورکیـا دەرحەق بە کـورد کردوویەتـی، بەڵکوو هەمـوو ململانییەکـانی نێـوان کـورد و تـورك دەخـاتە سـەر ئەسـتۆی مـۆدێرنەتەی سـەرمایەداری. بەمە تـورك بێـبەری دەکـا لە بەرانـبەر تاوانەکـانی دژی کـورد. ئەوەیـش گەورەتـرین دەسـتهەڵگرتن و خۆبێخـاوەنکردن و نکـۆڵیکردنە لە مێـژووی کـورد، بەتـایبەتی ئەو مێـژووەی کە تـورك خـوێنی کـوردی ڕشتووە.

پرسیارەکی زۆر سادە و ئاسان: ئەدی سیستەمی دەوڵەتی تورکیا بەخۆی سیستەمێکی سەرمایەداری نییە؟ ئایا تورکیا ئەندامی ناتۆ نییە؟ داخۆ لە دەیان ساڵەوە، تورکیا و ئەمریکا هاوپەیمان نین؟ ئەدی بۆ کە باسی مۆدێرنەتەی سەرمایەداری دەکرێ، یەکسەر ڕوو لە ئەمریکایە، کەچی تورکیا بەشێکە لەو سیستەمە و عەینجەلادن نایبینێ؟ ئەوە مۆدێرنەتەی سەرمایەدارییە کە باکووری کوردستانی پشتگوێ خستووە و هیچ پرۆژەیەکی بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری تێدا ناکا یان تورکیا خۆیەتی؟ ئەوە مۆدێرنەتەی سەرمایەدارییە کە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان و شوێنەوارە مێژووییەکانی باکووری کوردستانی خستە ژێر ئاوی بەنداوەکان و لەناوی بردن یان تورکیا خۆی بوو؟

لەو پەڕەگرافەدا، عەینجەلادن کۆی هۆکارە ناوخۆییەکانی تورکیا و دیکتاتۆرییەتی دەوڵەتی تورکیا لە سەد ساڵی ڕابردوو و ناسیۆنالیزمی تورکی-ئەتاتورکی و ئەردۆگان باس ناکا و ئاماژەیان پێ نادا. عەینجەلادن بە یەك پیتیش باسی ناسیۆنالیزمی ئەتاتورکی و ئەردۆگانی و کۆی کۆماری تورکیا ناکا کە خوێنی هەزاران ڕۆڵەی کوردیان ڕژاندووە، کەچی دێ هەموو شتێك دەخاتە ئەستۆی سەرمایەداری!

پەڕەگرافی پێنجەم

کاتێک عەینجەلادن دەڵێ: "لە مێژووی کۆماری تورکیا دا، یەك درێژترین و بەرفراوانترین تەڤگەری سەرهەڵدان و توندوتیژییە،" ئایا حەقی خۆمان نییە بپرسین: بەکارهێنانی وشەی "توندوتیژیی" بۆ وەسفی یەك، هەمان زمان و خیتابی دەوڵەتی تورکیا بۆ پەك و کورد نییە؟ دەپرسین، ئەرێ کەس هەیە بە خەباتی خۆی لۆ ئازادیی خۆی، بڵێ "توندوتیژیی"؟

هەر لەو پەڕەگرافەدا، کاتەك عەینجەلادن دەبێژێ: "دەوڵەت-نەتەوە جیاوازەکان، فیدراسۆنەکان، خۆبەڕێوەبەری ئیداری، ڕێبازە کولتوورییەکان، بوون بە دەرئەنجامی نەتەوەپەرستییەکی توند، ناتوانن ببنە وەڵامدەرەوەی کۆمەڵناسیی کۆمەڵگەی مێژوویی"، نەك دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان ڕەت دەکاتەوە کە لەمێژە باوەڕی پێی نەماوە، بەڵکوو تەنانەت خۆڕێبەری و فیدراسیۆن و ڕێبازە کولتوورییەکانیش ڕەت دەکاتەوە. بەمانایەکی دیکە، لێرەدا، عەینجەلادن هەموو مافێکی یاسایی، لۆ هەبوونی هەر دەسەڵاتێکی یاسایی لۆ کورد، وەکوو دەوڵەتی سەربەخۆ و فیدراڵی و ئۆتۆنۆمی و خۆڕێبەری (وەکوو ئەوەی لە ڕۆژاڤا هەیە)، تەنانەت فیدراسیۆن (دروستکردنی تیم و دەستە)یش، ڕەت دەکاتەوە. بەشێك لەوانەی گومانیان لە کۆی پرۆسەی ئاشتیی ئەم جارە هەیە، دەپرسن، لە ماوەی تەمەنی کۆماری تورکیا دا، داخۆ ئەوە هەمان ئامانج و داواکاریی دەوڵەتی تورکیا نەبووە لۆ کورد؟ ئایا دەوڵەتی تورکیا لە سەر زاری عەینجەلانەوە دەدوێ؟

لەو پەڕەگرافەدا، هەردوو دەستەواژەی (دەوڵەت-نەتەوە و کۆمەڵناسیی کۆمەڵگەی مێژوویی) زۆر گرنگن. لە بەشی داهاتوو شییان دەکەینەوە.

پەڕەگرافی شەشەم

ئەو پەڕەگرافە دوا قێرژنی بیرکردنەوەی عەینجەلادنە بەرانبەر بە دۆزی کورد. لە مانیفیستۆیە تازەکەیدا زیاتر ڕوونی کردووەتەوە. ئەو دەڵێ، ڕێزگرتن لە ناسنامەکان، ئازادیی فکر، دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئابووری و سیاسیی هەموو پێکهاتەکان، تەنها بە هەبوونی کۆمەڵگە و گۆڕەپانی سیاسیی دیموکراتیك بەدی دێ. لەو پەڕەگرافەدا، ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە عەینجەلادن دەستنیشانی جۆری دیموکراسییەکە ناکا. دیموکراسی جۆری زۆرە، تەنانەت کاتی خۆی ڕژێمی سەدام و ئەسەد یش خۆیان پێ دیموکراسی بوو، بەس دیکتاتۆریش بوون. ئەسڵەن حەقی خۆمانە بپرسین کە داخۆ دیموکراسی بەخۆی سیستەمێکی سیاسیی بێ خەلەلە؟

پەرەگرافی حەفتەم

ئەو پەرەگرافە باسی ئەوە دەکا کە ئەو دیموکراسییەی عەینجەلان لۆ تورکیا داوای دەکا، نەك نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت-نەتەوەی تورکیا، بەڵکوو زۆر بەروونی باسی مانەوەی بەهێزی سەد ساڵی داهاتووی کۆماری تورکیا دەکا. عەینجەلان دەرێ: "سەد ساڵی دووەمی کۆمار، تەنها کاتێك بە دیموکراسی رەنگرێژ دەبێت، دەتوانێت ببێت بە خاوەنی یەکگرتوویی و مانەوە و بەردەوامییەکی مسۆگەر." وەك لە دوو بەشی رابردوو نیشانمان دا، پەك و عەینجەلان باوەریان بە خەباتکردن لۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەماوە، بەڵام لێرەدا ئەوە دەبینین لە عەینجەلان لە خەمی سەد ساڵی داهاتووی دەوڵەتی تورکیایە تا یەکگرتوویی و مانەوە و بەردەوامییەکی مسۆگەریشی لۆ داوا بکا.

ئەگەر کەسانێك پێیان وایە بانگەوازەکەی عەینجەلان دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت-نەتەوەی تورکیا، ئەوا خودی عەینجەلان پێچەوانەکەی دەڵێ. لێرەدا، عەینجەلان ئەوە بەروونی دەنووسێ کە مسۆگەربوونی یەکگرتوویی و مانەوە و بەردەوامیی تورکیا لە رێگەی دیموکراسییە. تکایە دیقەتی هەر وشەیەك بدەن کە ئۆجەلان بەکاری هێناوە! هیچ وشەیەکی بێ هۆ هەڵنەبژاردووە.

پەرەگرافی هەشتەم

کاتەك عەینجەلان دەڵێ: "ئەو بانگەوازییەی کە بەرێز دەوڵەت باخچەلی کردی و ئەو ئیرادەیەی سەرۆك کۆمار نیشانیدا، منیش داوای دانانی چەك دەکەم". لێرەدا ئەوەمان لۆ روون دەبێتەوە، بەئەگەرێکی زۆرەوە، پرۆسەی ئاشتیی ئەم جارە، پرۆژەی ئەو سێ کەسەیە بەدیاریکراوی، هیچ

دەستی ئەمریکا و ئەوروپا و ئیسرائیلی تێدا نییە. ئەمن ئاگاداری بەشێکی زۆری سیاسەتی ئێستای ئەمریکا م و بەهۆیەوە ئاگاداری سیاسەتی ئیسرائیل یشم، هەرگیز ئەمریکا و ئیسرائیل کارەکی وەها ناکەن. ستراتیجیی کارکردنی ئەمریکا، لە ئێستادا، هەرگیز کاری وەهای تێدا نییە.

پەرەگرافی نۆیەم

کاتەك عەبدوڵڵا دەڵێ: "دەبێت هەموو گرووپەکان چەك دابنێن و پەك هەڵبوەشێتەوە"، لێرەدا وشەی ئەمری "دەبێت"ی بەکار هێناوە. هەروەها، کە دەڵێ "هەموو گرووپەکان" ئاشکرایە کە قەندیل یەك گرووپی تێدایە، کە پەکە، بەڵام لێرەدا مەبەستی هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستانە، بە ئەوانەی ڕۆژئاوا و باشوور و ڕۆژهەڵاتیشەوە.

*****

لە بەشی ڕابردوودا، باسی ڕێبەری ناوەندگیر(centralized leader)مان کرد لە تێڕوانینی ستالین/ستالینیزم دا، کە هەمان بنەما لە پەکدا هەیە. لە ١٩٨٥ەوە، عەبدوڵڵا وەکوو ڕێبەری ناوەندگیریی پەك سەرۆکی پەکە، لەو پێگەیەوە قسان دەکا و داوای چەکدانانی هەموو گرووپەکان دەکا. لەبەر ئەوەی ڕۆژاڤا کاریگەریی تەواوی فەلسەفە و ئایدۆلۆجیای پەك، مارکسیی-لینینیی-ماویی-ستالینیی لەسەرە، لۆیێ، عەبدوڵڵا بەمتمانەوە دەتوانێ داوایان لێ بکا تا چەك دابنێین. وابوو، ڕاستەوخۆ پاش پەیامەکەی عەبدوڵڵا، دەولەت باخچەلی بەپەلە گۆتی: "داواکاریی عەبدوڵڵا هەسەدەش دەگرێتەوە." وابوو، دوای پەیامەکەی عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا داوای بینینی مەسعود بارزانی کرد. ئەوانە هەموویان یەك پاکێجن. پێکەوە ڕوو دەدەن. ئێستا باسەکە خاو بووەتەوە لەبەر ئەوەی وەزعی ناوخۆی سووریا سەقامگیر نییە، دەنا، کە وەزعی ناوخۆی سووریا سەقامگیر دەبێ، ئەوا ئەو باسە جارەکی دیکە بەڕوونی دێتەوە گۆڕێ و یەکسەر شەڕەکە بەرۆکی ڕۆژاڤا و یەکێتیی و پارتی و پژاك یش دەگرێ. هەر ئەوەش بوو کە لە ڕۆژی

بڵاوبوونەوەی پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، نووسیم، "کەنگێ سەردەمی ئەوە ماوە یەك کەس بڕیار لە چارەنووسی گەلێکی ٦٠ ملیۆن کەسی بدا؟"

سێ پرسیاری گرنگ

یەکەم، داخۆ، لۆ ئێستا، ئەو بانگەوازە سوودی لۆ پرسی کورد هەیە؟

دووەم، پەك بەرهەمی نەتەوەیی لۆ کورد لە تورکیا هەبووە؟ وەڵامی من لۆ هەردووکیان: بەڵێیە .

داخۆ دەبێ پەك و حیزبە کوردستانییەکانی تریش چی بکەن؟ لە بەشەکانی داهاتوو باسیان دەکەین.

دووبارە ئەوە دەنووسمەوە: ڕێز لە خەبات و فکر و کەسایەتیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەگرم. ڕێز لەوە دەگرم کە نووسەرە. ڕێز لەوە دەگرم کە تەمەنێکی زۆری بە کورد بەخشییە. ڕێز لە خەبات و هەوڵەکانیشی لۆ ئازادی کورد و کوردستان دەگرم. زینداکردنەکەی بە پەڵەیەکی ڕەش دەزانم بە نێوچاوانی تورکیاوە و پرۆتستۆی دەکەم. داوای ئازادکردنی دەکەم. ماوەیەکی زۆری تەمەنم پێی سەرسام بوویمە و بەرگریم لە خۆی و بزووتنەوەکەی کردییە. ئێستاش ڕێزیان لە کنم ماوە. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە دەرێی ڕەخنەیە. کاتەك باسەکە دێتە سەر پرسی نەتەوەیەك، ئەوا هیچ کەسێك لە دەرێی ڕەخنە نامێنێتەوە.

ماویەتی